# ماڵی باپیرم

نەرمین عوسمان

٢٠٢٦

ناوی کتێب:
# ماڵی باپیرم
نووسەر: نەرمین عوسمان

بابەت: شیعر

مۆتیف: ئاڤان سدیق

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

هەڵەچن: هێرش حەمەسەلیم

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٦

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٤٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
ژمارە (٧٣)

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

# ئینستتیوتی نارین

ئینســتتیوتێکی کوردســتانی، توێژینەوەیی قازانج نەویســتە. کاری سەرەکیی ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدواداچوونی پرسە هەنووکەیی و نیشــتمانییە گرنگەکانــە. هەروەهــا چاپ و بڵاوکردنــەوەی توێژینەوەکان و ســازکردنی کۆڕ و ســمینار و کردنەوەی خولی زانســتی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستانی پێویستی پێیەتی.

ئینســتتیوتی نارین ســاڵی ٢٠١٣ لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.

پێشکەشە بە ڕۆحی باپیرم؛
ئەو مرۆڤێکی باڵا و خاوەن ویژدانێکی زیندوو بوو، پێکەوە لەگەڵ داپیرم ماڵێکی پڕ لە خۆشەویستی و جوانییان بۆ هەمووومان دروستکردبوو..





لە ماڵی باپیرم؛

ئاوازێکی کۆن
بە دیوارەکانییەوە جێماوە
زوو زوو گوێی لێ دەگرم



ماڵی
باپیرم

خەونی گەورەی تیا دەبینرا
ژووره بچووکەکەی خاڵم
گەنجینەیەک بوو لە ژیاندۆستی...

***

خوێنی لێ ئەتکا، تیشکی خۆر
لە درزی دیواران
نەنکم بە گۆلم هەڵیدەهێنجان...



ماڵی
باپیرم

بەیبوون و گوڵاڵە
لەسەر بانیژە گڵینەکە
تۆوی کوردەوارییان دەپرژان...
***
ماڵێکی بچووک... جیهانێ لە سۆز
خۆشەویستییەکی نەبڕاوە
نیشتمانێکی مەزن بوو...



سەعاتی چاڵمە
لە کار نەدەوەستا
ئازارەکانی ڕۆژگاری دەژمارد...



ئێستاش بە دەستی دایکم و خاڵم
هەر لێ دەدا
تەقولبابی دەرگا
***
لە کۆڵانە تەنگژە
هەموو شتێ وەک خۆیەتی
کەچی سیخناخ بووە لە ئازار
***
وێنەی مەلیک
لەسەر قاپێ، لە نێو تاقێ
بوونە یادگاریی سەردەمێ



خۆشەویستی و سۆزی گەرم
بۆنی سادەیی و ئارامی
بوونە نەخشی سەر دیواران
***
ئاوی کووپەی بەر سێبەری هەیوان و
شەربەی شەوانی سەربان...
ئاوی کێوی نەکەرۆز بوون
***
بە دەست و قاچ، بە کۆڵەپشتی پڕ ئازار
سەر پەیژەی دار دەکەوتن
بەرەو هەوراز سەردەکەوتن



بۆنی قاوەی سەر ئاگردان
لە ناخمدا جێگیر بووە
لە رۆحمدا چەکەرەی کردووە

***

بەدەم ئازاری نیشتمانەوە چوون ئەوان
کەچی باگردێنە دڵڕەقەکە
هەر لە شوێنی خۆی ماوە

حیلەی ئەسپ، پڕمەی وڵاخ
تەقەی ناڵ و زڕەی زەنگۆڵان
هێما بوون بۆ گەیشتنی کاروان

چرای ژووره بچووکەکە خامۆش نەدەبوو
نەوەک خاڵم بواری نەبێ و
کتێبەکەی دەستی تەواو نەبێ
***
شەوانی مانگەشەو
دەستم دەبرد، لەنێو ئاوی حەوزی
حەوشە مانگ بگرم
هەر نەگیرا و بەیەکجاری لێم ئاوا بوو...



هێشتا درزی پاشماوەی دیواران
بۆنی ریحانەڕەشەی بن
کڵاوی نەنکم و
مێخەکی گەردنی دایکمی لێ دێ



ماڵی
باپیرم

منداڵێکی چاوسەوز
فەرخەکێشکەیەکی فێری فڕین دەکرد
تازە لە هێلانەکەی کەوتبوو
***
حیکایەتەکانی بەر ئاگردان
عیشقی فەرهاد بۆ شیرین بوو،
یا بەسەرهاتی رۆستەمی زاڵ

یا ئەفسانەی شاماران،
یا سەرگوزشتەی رۆژانی تاڵ



چ بکەم لە خەیاڵی بەندکراوم
هەرچەند دەکەم نامباتەوە
ئەو سەردەمە
خۆشییەکانم بیرخاتەوە و
رزگارم بکا ئا لەم خەمە...



ماڵی
باپیرم

پەتی تەنافی بێتاوان
کەوتە بەر دەستی دوژمنان
کرا بە پەتی سێدارە
***
قەتار و ئەڵڵاوەیسی...
«ئەی رەقیب»ی دڵدار
مەقامی خارە سێوە و حەیرانی کاکە تایەر
هەوێنی سروودی پێشمەرگە بوون
***
تاتەبەردی کۆسارە
لە تەک کارێزی حەوشە
بوو بە جێی نوێژی بەکۆمەڵی گەڕەک...



ماڵی
بأپیرم

بوون بە ئاوازێکی خەمگین
بۆ گەشتیارێک
ناڵەی زامی دیواران

***

ماڵ ئۆقرەی نەما، لەتاوا هەڵوەری
ئەو ڕۆژەی تەرمی شەهیدێ
بە بەردەم ئەم ماڵەدا تێپەڕی



گەڕامەوە بەرەو مەملەکەتی ئازارەکان
هاوارم کرد پڕ بە گەرووم
دەنگی داوە لە هەر چوار لاوە

***

هەموو رۆژێک سەرداری ئەم ماڵە
بە گۆچانێکەوە بەرەو گردی قەنبەرگاوان
پیاسەی دەکرد
کە دەگەڕایەوە؛ لایەکی پشتێنی پڕ
لە میوە دەکرد

لەو ماڵە، قارەمانێک
بە خۆشەویستیی نیشتمان گۆش کرا
دوژمن هەرگیز بۆی دەستەمۆ نەکرا
***
لەبەر سیخوڕ داخرا کڵاوڕۆژنە
بۆیە خۆر
بڕیاری دا لە دەرگاوە بێتە ژوور...

ئەوانەی لێرە بوون...
لە لمی فشەڵی بیابان نەبوون
لە تاشەبەردی چیاکانی زاگرۆس بوون...
***
ئێستاش لەوێن هەست و ڕۆحم
بەڵام لێرە کەسیرەیە
جەستەی ماندوو و شەکەتم
***
جێی یاری و یادگاریی خالید و
شیعر و سروودی دلێرانە بوو
بۆ دوژمن؛ "سەفەرتاسی پڕ
لە رق و کینە" بوو



ماڵی
باپیرم

فێرکراین لە ماڵی باپیرەدا
خۆڕاگر و چاونەترس بین
لەپێناوی ئازادیدا

***

لە دەریای وشەکانیان
تامەزرۆی دڵۆپێک ئاوم
چەشنی ڕێبوارێکی بیابان



ژیانم بینی لەوێ بوو
ویستم بیدوێنم، بینم خەون بوو
خەون زڕا و نەمبینییەوە
***
بە شاپڵیتە و خۆڵەمێش دەکرایەوە
ئاگری نەورۆز
لە سەربانە گڵینەکە



چاو دەگێڕم بۆ تیشکی نیگاکانیان
وەک گەڕان بە دوای رووناکی
لە شەوەزەنگدا، یاخود کاتی خۆرگیران
***
چەند لە زەمەن پاڕامەوە
کە نەرمەڕێ بکا
گوێی بۆ نەگرتم، وەک کۆتری
نامەبەر فڕی
***
تەقەی داشی دامە و زاری تاوڵە
قاقای براوە و تووڕەیی دۆڕاو
هێشتا لە گوێمدا دەزرینگێنەوە



دەرگای ئەو ماڵە داخرابوو
بێ سڵاوکردن
با بەلایدا تێپەڕ بوو
***
ئێستا لەوێ
جگە لە ناڵەی دیوارەکان و سەدای
نزاکان
گوێت لە هیچ ئاوازێکی دی نابێ
***
پەیژە دارەکە هەر لە شوێنی خۆی بوو
بەڵام لەتاو دووریی پاکان
چەند پلیکانەیەکی هەڵوەریبوو



ماڵی
باپیرم

چەند جار دەرووی لەسەر خەونی
کچۆڵەیەکی ناسک داخست
چەند دڵی بۆ عاشقان واڵا کرد
ئەو کێلوونە هەرگیز باسی نەکرد
***
دەنگی سووڕی کێلوونە تەختەکە
ئاهی حەسرەتی
بۆ چاوی دەرگای داخراو دەکێشا
***
کێلوونی تەختە
لەنێو لەپی زەمەندا دەناڵێنێ
دەرگا بۆ کەس ناکاتەوە



ماڵی
باپیرم

لەوماڵە پڕ پاڵەوانە
کێلوونی تەختە بێدەنگە
پاسەوانی گەنجینەی نهێنییەکانە
***
مەشکەی بە کەندر هەڵواسراو
بە دەستی نەنکم سەمای دەکرد
بەرەمەشکەی لە دۆ دەگرت

باوەشێنی پووش
بای کوێستانی
بەسەر هاوینی دڵدا دەپژاند
***
کووپەی گەنم
لە سێبەری پشت هەیوان
لە باوەشی خاکی گڵدا دەخەوت

ئەسپی بوراق
وێنەی ئەفسانەیی
سندوقی نهێنییەکان بوو
***
کە دەرگای بوراق دەکرایەوە
بۆنی ڕێحانەی دەپژاند
هیچی شاراوەی نەدەوت
***
بەرانبەر بوراق وەستابووم
تەنیا سندوق نەبوو
مۆزەخانەیەکی بچووکی
سەرسوڕهێنەر بوو



گڕی ئاگر بەچرپە دەدوا
خواردن چیرۆکی دەهۆنییەوە
هەستەکان بە پەرۆشەوە چاوەڕێی بوون

***

نانی تیریی گەرم
نەنکم لەسەرخۆ وەریدەگێڕا
ڕۆژگاریش گوێی بۆ دەگرت



شنەبای کەکۆن
لەگەڵ هەڵمی نانی سەر ساج
بەیەکەوە گۆرانیی رۆژگاریان دەوت
***
تریانەی شووڵک
بەبێ ماندووبوون
نانی یەک مانگی بە کۆڵ هەڵدەگرت
***
ئاوێنەی پشتی لالە
سەیری رووناکییە کزەکەی دەکرد
چاوەڕێی دواتروسکایی بوو

له شەوی دەیجورا
فانۆسێک دەڕۆیشت
ئەستێرەیەک یاوەری بوو
***
ئاوێنە چاوی ئەترووکان
ڕووناکیی لاله
شنەبا بە لایا تێدەپەڕی

"مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە
ئەوی باقی بمێنێ؛
هەر ناوە"
لەوێ فێر بووین
***
"کەم بژین و
کەڵ بژین"
لەوێ فێر بووین
***
"گەر مردووین لەم ڕێگە و بانە
نابینە پیاوی بێگانە"
لەوێ فێر بووین



بژین
نابینە پیاوی بێگانە

«لە دەست چەرخی سپڵە

هەرگیز نابەزین»

لەوێ فێر بووین

***

لەوێ فێربووین

«زیندووە قەت نانەوێ

ئاڵاکەمان...»

لەوێ فێر بووین


إذا الشعب
يوما أراد
الحياة
فلا بد أن
يستجيب
القدر

